# چەند زانیارییەک دەربارەی کەناڵی ئەلجەزیرە



و: سەعید مەموزینی

✿بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێت ئاگاداری ڕووداوەکانی نێو نەتەوەیی بن، جەزیرە ناوێکی بەرجەستەیە، ئەم کەناڵە لە ساڵی ١٩٩٩ وەکو باشترین کەناڵی جیهانی هاتە ناسین ئەلجەزیرە ٢٤ کاتژمێر کار دەکات، بارەگای لە (دۆحە)یە بەڕێوەبەری کارگێڕیی (محەمەد جاسم عەلی) و سەرۆکی (شێخ حەمەد بن سامن ئالی سانی)یە کە لەگەڵ (مەحمود سەعلاوی) کار دەکات ئەم سێ کەسە بەرنامەی جەزیرە دادەڕێژن، ئەمیری قەتەر لەپێناو ئەوەی وڵاتە بچووکەکەی ڕۆڵێکی مەزنی لە دنیادا هەبێ بیرۆکەی دامەزراندنی جەزیرەی داڕشت.

هەر بۆیە ١٥٠ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکرد، ئەمڕۆ جەزیرە بوویتە گرنگترین کەناڵی گواستنەوەی پەیامە گەرمەکان، ئەمڕۆ سەرجەم کارمەندانی جەزیرە لە دەرەوە و ناوەخۆ ٣٧٠ کەسن و هەموویان لە بواری ڕاگەیاندندا پسپۆڕن.

١- هونەری ڕۆژانەی جەزیرە:

جەزیرە متمانە لەسەر هونەری نوێ و پێشکەوتوو دەکات و باشترین خەڵکی ئەو بوارەی لەخۆ کۆ کردۆتەوە، باشە بزانن کۆمپانیای سۆنی ئامێرێکی تایبەتی بە ناوی(توکو) تەنیا بۆ جەزیرە دروست کردووە کە چوار نموونەی لەم دەزگایەی دروست کردووە و هەر چوار نموونەی لە کەناڵی جەزیرە کار دەکەن و بە هۆی ئەم چوار ئامێرە تەواوی تەلەفۆنەکان لە سەرانسەری دنیا وەردەگرێت و بەرنامەی خۆی بۆ سەرانسەری دنیا بڵاو دەکاتەوە لەو کاتەی کە پەخش زۆر زەحمەتە جەزیرە بە ئاسانی بەرنامەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە.

ئەل جەزیرە بەرنامەیەکی کۆمپیۆتەری هەیە کە بەهۆی پسپۆڕانی دروست کراوە دەتوانێت هەر پەیام و ڕیپۆرتاژێک کۆ بکاتەوە و ڕێکبخات و لە هەر ساتێک بڵاو بکاتەوە، هەر کەسێک لە تەلەڤزیۆنی جەزیرە کار بکات پێویستە بۆ ماوەی مانگێک فێری ئەم بەرنامەیە بێت، بەهۆی ئەم تەکنۆلۆژییە بوو کە خەڵکی سوریا و هەموو خەڵکی دنیا پەیامی کۆچی دوایی (حافیزلئەسەد)یان بەر لە تەلەڤزیۆنی سوریا لە جەزیرە بینی ئینجا tv سوریا بڵاوی کردەوە.

(غەسان بن جەددۆ) بەڕێوەبەری نووسینگەی جەزیرە لە تاران لەم بارەوە گوتی: (ئێمە لە لوبنان بووین کە زانیمان وتووێژی حافیزلئەسەد و ئەمیل لەحود تووشی ئاڵۆزییەک هاتووە، بەدواداچوونمان کرد، بە خێرایی هۆکارەکەمان زانی و سەرنجی بێژەری بەرنامەکە هاتە ڕاکێشان لە لاپەڕەی (مانیتۆر) بۆیە ڕاستەوخۆ پەیامەکە بڵاو کرایەوە.

١- تەلەڤزیۆنی جەزیرە و ئێران.

tv جەزیرە بە بایەخەوە دەڕوانێتە ڕووداوەکانی ئێران لەدوای لەندەن تەلەڤزیۆنی جەزیرە دووەمین نوسینگەی خۆی لە ئێران کردەوە لەو نووسینگەیە بەڕێوەبەر و پەیامنێر و وێنەگرێک و هاوکارەکەی و سکرتێرێک کار دەکەن و کارەکانیان چالاکانەیە، شایانی گوتنە لە هەڵبژاردنی شەشەمی پەرلەمان ١٩٩٩کەناڵی جەزیرە ٥٣ پەیامی نارد، B.B.C دە ١٠ پەیام و CNN٨پەیامی نارد.

**٢- ئەلجەزیرە و ئیسرائیل.**

ئەلجەزیرە پەیام و ڕاپۆرتی زۆر لە ئیسرائیل ئامادە دەکات و لەسەر شاشەی ئەم کەناڵەدا (٢٥٠) بیرمەندی عەرەب سیاسەتی ئیسرائیلیان تاوانبار کرد، (غەسان بن جەددۆ) لەو ڕایە دایە دوو جۆرە بۆچوون لەسەر ئیسرائیل لە دنیای عارەباندا هەیە، یەکەمیان دەڵێن: نابێ دان بە ئیسرائیل بندرێ و هەر جۆرە دیمانە و پەیوەندیی جەزیرە لەگەڵ بەرپرسانی ئیسرائیل خیانەتە.

دووەمیان دەڵێن: ئیسرائیل واقیعەتێکە لە دەڤەرەکە و پێویستە بە ڕەسمی بێتە ناسین و جەزیرە پەیامەکانی ناو ئیسرائیل بڵاو بکاتەوە، هەروەها بەکارهێنانی شەهید بۆ کوژراوانی فەلەستینی چەمکێکی ئیدیۆلۆژییە. لە نیویۆرک لەدوای دیداری ئەمیری قەتەر لەگەڵ باراک، باراک بەرەو پیری پەیامنێری جەزیرە هات و داوای دیمانەیەکی لێکرد، پەیامنێری جەزیرە ڕەفزی کردەوە دیدار لەگەڵ باراک سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئیسرائیل بکات، (باراک) بە تووڕەییەوە گوتی: (گرنگ نیە) و گەڕایەوە، کاتێ پەیامنێرێک ڕەفزی سیاسەتوانێک بکات زۆر زەحمەتە، بۆیە پەیامنێری جەزیرە خۆی گەیاندە ئەمیری قەتەر و گوتی: (من لەگەڵ هیچ بەرپرسێکی ئیسرائیلی چاوپێکەوتن ناکەم، ئەمیری قەتەر لە وەڵامدا گوتی: (تۆ لەو کارانەی کە دەکەی ئازادی و کاری ڕۆژنامەگەری پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە.

٣- کەناڵی دووەمی جەزیرە:

جەزیرە خەریکی کردنەوەی کەناڵی دووەمیەتی، کاری ئەم کەناڵە تایبەتمەندی خۆی هەیە و سەنتەری لە بەیروتە و بەڕێوەبەری گشتی ئێستای جەزیرە مەحمود جاسم عەلی بەرپرسی بەرنامەکانی کەناڵی دووەمیش دەبێ و بەرنامەکان، هەفتانە و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر دەبێ و کەناڵی یەکەم تەنیا دەنگوباس بڵاو دەکاتەوە.

جەزیرە کەناڵێکی ڕاگەیاندنی پێشکەوتووە لە جیهانی سێیەم و هێزی دیپلۆماسی قەتەری پێش خستووە.■

**سەرچاوە:**

**١- فرهنگ و دیپلماسی، ل (١٦٥ ـ ١٦٨) ٢٠٠١، تهران.**